# سەلیبێکی سور

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@yahoo.com

-1

من تیژترین شمشێرم و
تۆ تەسکترین برین .
تۆ بەهەشتێکی بەدفەڕو
من شەیتانێکی میهرەبان .

-2

رووت مەبەوە ، با شەو سپی نەبێتەوەو
مەلا بە هەڵە بانگ نەدات .!.
لەشی سپیت بەردە رەشێکی پیرۆزە .

-3

ولأت کچێکی رووتە ..
هەمیشە ،
لەسەر گازەرەی پشت راکشاوە .
تۆش ولأتێکی بە پێوەی
بوومەلەرزەو لەرەی مەمکت
یەکسانن !!

-4

تۆ
درێــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــژت
رین ،
ســــــــــــپی ترین
رووبــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــ
ــــــــــا ریت ....

له رووبارا ، سه‌دان ماسی مه‌له ده‌كه‌ن

له‌تۆشدا ، ته‌نیا

من .

ئه‌وان گه‌رای خێر داده‌نێن

ئه‌من ، گه‌رای گوناه !!

-5

تۆ جوانترین و

كه‌سكترین دره‌ختی

دره‌خت به‌گه‌ڵاوه دلگیره .

تۆ ..به‌رووتی .

ئه‌و له ژێر دابارینی كوولووی به‌فردا ،

رووت ده‌بێته‌وه .

تۆش له ژێر بارانی ،

په‌نگری ماچا .!

-6

مه‌مكت بڵندترین چیایه..

به‌سه‌ر لوتكه‌ی چیادا ،

به‌فر... ده‌بارێ .

به‌سه‌ر گۆی مه‌مكی تۆش

گه‌زۆ .

به‌فر له ناو ده‌می هه‌تاودا

ده ت و ێ ته وه ...

گه‌زۆش له نێو ده‌می مندا !!

–7

من تاڵترین په‌نجه‌م ..

تۆ .. شیرینترین هه‌نگوین .

ناوێرم تامت بکەم

نەبادا ،

ژنەکەم ببێ بە زەنگەسوورەو

مناڵەکانم ، بە هەنگ و

بە رۆحمانەوە بدەن !

-8

تۆ ئازاترین کارمامزی و

من ترسنۆکترین راوکەر ..

هێندێ جار تۆ سەرلەدوو من دەنێ ی ،

هێندێ جار من !!

-9

دەستی چەپم ،

لەپرچی زێڕینی تۆدا گیر بووە ،

دڵرەقانە رایدەکێشیت .

دەستی راستم ،

لە قژی رەشی هاوسەرەکەما گیر بووە ،

شێتانە رایدەکێشێت ..

من لە نێـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــوان ،

کۆتی زەردوو .... کۆتی رەشدا

سەلیبێکی سوورم

-10

من تیژترین شمشێرم و

تۆ تەسکترین برین .

تۆ بەهەشتێکی بەدفەڕی

من شەیتانێکی میهرەبان !!